# ئیسلامییەکان لە نێوان بانگەشە و راستیدا*

**ن/ عەبدولڕەحمان راشد**
**و/ محەمەدی مشیر**

لە وتارەکەی دوێنێمدا(1) باسم لەو گوتەیە کرد کە دەڵێ بزاڤە ئیسلامییەکان لە حوکمڕانیدا تاقینەکراونەتەوە و ئەوان دیموکراسین، نموونەی هەندێ حزبی ئیسلامیی وەکو بەرەی ئیسلامی لە سودان و حەماس لە غەززەدا هێنایەوە. هەر لەو ناوچەیەدا (( خومەینیزم)) بەشێوەیەکی رەها لە ئێراندا حوکم دەکات، حزبوڵڵاش لە لوبناندا بەشداری لە حوکم دەکات و، هیدکەش.. هەموویان دەرفەتی درێژیان لەبەردەستدابوو وەکو حەماس، یان بە دەستبەسەرداگرتن وەکو خومەینی و بەرەی ئیسلامی لە سودان. ئاکام لەبواری پراکتیکدا بۆمان روونبووەوە کە ئەو بزاڤە بەئایدیۆلۆژیکراوانە بانگەشەی دیموکراسییان دەکرد، بەڵام هەر کە حوکمڕانییان گرتەدەست بەدیارکەوتن کە جگە لە حزبێکی دیکتاتۆری، کە ئەویتر رەتدەکاتەوە، هیچیتر نین و دەیانەوێ بە رەهایی هەژموونی خۆیان بسەپێنن.

بەمەش مەبەستم ئەوە نییە کە حزبە ئیسلامییەکان مافی ئەوەیان نەبێت سوود لە بەهاری عەرەبی وەرگرن، ئەگەرچی ئەوان بە سەر سەرشانی ئەو بەهارەدا هەڵگەڕان و لە ئەسڵدا لایەنێک نەبوون تێیدا، هەر وەکو ئیخوانییەکان و سەلەفییەکان لە میسردا، هەروەها بزاڤی نەهزە لە تونسدا.

لە راستیدا دیموکراسی راستەقینە بەبێ حزبە ئیسلامییەکان بوونی نییە ، چونکە ئەوان هێزێکن لە سەر زەویدا ناکرێ فەرامۆش بکرێن، هەروەها بەشدارکردنیان لە پڕۆسەی سیاسیدا دوو ئامانج دەپێکێ، یەکەمیان: هەنووکەییە و بریتییە لە زامنکردنی ئارامی و ئاسایش، چونکە ئەوان توانای کاری تێکدەرانەیان هەیە، دووەمیان: درێژخایەنە و رەنگە لە رێگەی تێکەڵاوبوون و کارکردندا گوتاری سیاسی و رەفتاری گشتیی خۆیان پێشبخەن و ببنە حزبگەلێکی رەفتارباش و بە راستی باوەڕ بەدیموکراسی بێنن، نەک هەلپەرستانە مامەڵەی لە گەڵدا بکەن.

لەوەتای رووخانی حوکمی بن عەلی لە تونس و موبارەک لە میسردا،زۆرانێک ئەو تیۆرییە دەخەنەڕوو کە گوایە ئێمە لە زەمەنی ئەو ئیسلامییانەدا دەژین کە لە دەرفەتی حوکمڕانیدا بێبەشکران، سەرباری ئەوەش، بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە وێنەیان شێوێنراوە تاوەکو عەرەبەکان و خۆرئاواییەکان گەلەکۆمەیان لێبکەن و رێگەیان نەدەن لە پرۆسەی سیاسی بەشداربن. هەر بۆیەش سەرکردایەتی حزبە

ئیسلامییەکان پەلەیانکرد لە ئارایشتکردنی رووخساری خۆیان لای خۆرئاوا و بانگەشەی ئەوەش دەکەن گوایە پۆشینی پەکینی حەرام ناکەن و بە گژ مەیخۆراندا ناچن و قەبوڵیانە ئافرەت لەکاروباری گشتیدا بێ و کریستیانیش سەرۆکی کۆمار بێت.
هەڵبەتە ئەم قسانە دەکەونە خانەی پەیوەندییە گشتییەکان و جگە لە نەزان بە کلتور و مێژووی ناوچەکە و لۆژیکی حزبە ئایینییەکان هیچ کەسێکی دی باوەڕیان پێناکات.
ئەگەر بانگەشەکردن بۆ باوەڕهێنان بە ئازادییە گشتییەکان راستگۆیانە بێت، ئەوا تەنها گوزارشت لە رای هەندێ لە سەرکردەکان دەکات، بەڵام زۆرینەی سەرکردایەتی و کادیرانی ئەو گرووپانە پاککردنەوەی کۆمەڵگە بە ئەرکی یەکەمی خۆیان دەزانن و زۆری پێناچێ کودەتا لە سەر سەرکردە لێبوردەکانیان دەکەن.
کۆمەڵگە عەرەبییەکان بە ژانێکی سەختدا تێدەپەڕن کە رەنگە دیکتاتۆری دیکە بەناوی دیموکراسییەوە بەرهەمبهێنن، هەروەکو ئەوەی لە ئێراندا روویدا. سەرەنجام نابێ هەر بە تەنیا نیازەکان بخوێنینەوە، یان باوەڕ بە لێدوانە پڕوپاگەندەییەکان بکەین.ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانەش، هەوەکو میسر و تونس و سوریا و مەغریب، لە پێناو بنیاتنانی ئایندەی سیاسیی خۆیان دوور رۆیشتوون و بەراستی دەیانەوێ میتۆدێکی دیموکراسی بگرنەبەر و دەرفەت بدەنە هەموو هێزە سیاسییەکان، بە ئیسلامی و عەرەبگەراکانیشەوە،ئەوا دەبێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکەین دەوڵەتێک بنیاتبنێن کە خاوەن دەستوورێک بێ مافەکان بپارێزێ، سوپایەکی هەبێ حوکمڕانیکردن بە ئەرکی خۆی نەزانێ،بەڵکو پاسەوانی لە دامەزراوە دیموکراسییەکانی وەکو دادەوری و پەرلەمان بکاو رەفتارەکانی رێگەنەدەن هیچ کودەتایەکیان بەسەردا بکرێ.
ئەوەتا ئێمە لە میسردا و، لە یەکەمین خوولدا،دەبینین چۆن هەمووان، سەرباز و سیاسیی و شۆڕشگێڕەکان، لە پڕاکتیزەکردنی بنەماکانی کێبڕکێی شەریفانەدا هەرەسیانهێناو، وێڕای ئەوەش کە قەدەغەبوو حزبە دینییە کێبڕکێکارەکان دین و مزگەوت وەکو ئامرازی هەڵبژاردن بەکاربهێنن، کەچی هەر هەموو وایانکرد و ملیۆنها کەسی دەنگدەریان لە رێگەی هەزاران مزگەوت و ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆکردەوە و خەڵکیان بە لیبراڵەکان و قیبتییەکان چاوترسێن کرد. سەرەنجام ئیسلامییەکان نزیکەی 65% ی دەنگەکانیان وەدەستیانهێنا! کەواتە کوانێ دیموکراسی؟

*سەرچاوە/ **الشرق الاوسط** 6 **دیسێمبەر** 2011 **ژمارە** 12061

1 - **مەبەست وتاری ( ئایا ئیسلامییەکان دیموکراسین؟) کە لە الشرق الاوسط** 5 **دیسێمبەر** 2011 **ژمارە** 12060 **بڵاوکرایەوە**